# سوور بە لەسەر زۆر سوجدە بردن بۆ خوای گەورە؛ چونکە تۆ هەر سوجدەیەک ببەیت ئەوا خوای گەورە پلەیەک بەرزت دەکاتەوە، وتاوانێکت لەسەر لا دەدات

لە مەعدان کوڕی ئەبی تەڵحەی ئەلیعمریەوە دەڵێت: گەیشتم بە سەوبان (بەندەی ئازاد کراو لەلایەن پێغەمبەری خوداوە -صلى الله عليه وسلم-، ووتم: کردەوەیەکم پێ بڵێ ئەگەر بیکەم خوای گەورە بەهۆیەوە دەمخاتە بەهەشت؟ یان دەڵێـت -ووتم-: خۆشەویستترین کردەوە لەلای خوای گەورە، (سەوبان) بێدەنگ بوو. پاشان پرسیارم لێکرد، هەر بێدەنگ بوو، پاشان سێیەم جار پرسیارم لێکرد، ووتی: ئەم پرسیارەم کرد لە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ؛ فەرمووی: «سوور بە لەسەر زۆر سوجدە بردن بۆ خوای گەورە؛ چونکە تۆ هەر سوجدەیەک ببەیت ئەوا خوای گەورە پلەیەک بەرزت دەکاتەوە، وتاوانێکت لەسەر لا دەدات». مەعدان دەڵێت: پاشان گەیشتم بە ئەبو دەرداـ هەمان پرسیارم لێکرد، ئەویش وەکو سەوبان وەڵامی دامەوە.

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پرسیاری لێکرا سەبارەت بە ئەو کردەوەی کە دەبێتە هۆی چوونە بەهەشت یان پرسیاری لێکرا سەبارەت بە خۆشەویستترین کردەوە لەلای خوای گەورە؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بە پرسیارکاری فەرموو: زۆر سوجدە ببە بۆ خوای گەورە ئەمیش بە زۆر ئەنجامدانی نوێژ، چونکە تۆ هەر سوجدەیەک ببەیت ئەوا خوای گەورە پلەیەک بەرزت دەکاتەوە، وتاوانێکت لەسەر لا دەدات.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3732

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee